

# ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەژێر شاخێک تاوانی بێ سزادا

ڕاپۆرتێکی تایبەتی لیژنەی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان

CPJ

# ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ژێر شاخێک تاوانی بێ سزادا

کوردستانی عێراق دەکرێت ئارام دەربکەوێت بەبەراورد بە زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام هەرکە گرژی سیاسی سەرهەڵدەدات ڕاگەیاندنەکان دەکەونە ژێر زۆرترین مەترسی. لەنەبوونی لێپێچینەوەدا لەگەڵ ئەوانەی هێرشدەکەنە سەر ڕۆژنامەگەری، وەکو کوشتن و سوتاندن، ڕۆژنامەنوسان دەڵێن لە بابەتەکانی وەکو ئاین، نایەکسانی کۆمەڵایەتی، و گەندەڵی پەیوەست بە بەرپرسە بەهێزەکانەوە، دەبێت سانسۆر لەسەر خۆیان پیادەبکەن.

ڕاپۆرتێکی تایبەتی لێژنەی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنوسان (CPJ) لە نوسینی نامۆ عەبدوڵڵا



پرسەی ڕۆژنامەنووسی کورد کاوە گەرمیانی، کە کانونی یەکەمی ٢٠١٣ کوژرا.
(AFP/Shwan Mohammed)

سلێمانی ـ ڕۆژی بڵاوبوونەوە: ٢٢ ی نیسانی ٢٠١٤

”ئەگەر گۆڤارەکە دەربکەیت، بەیانی سەرت ئەکەم بە قەبری باوکە سەگەکەتدا. سەگباب!"

گۆڤارەکە بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆی مانگانەیە لە کوردستان بەناوی ڕایەڵ.

"سەگباب" ەکە سەرنوسەری ڕایەڵ کاوە گەرمیانی بوو، کەچەند ڕاپۆرتێکی بڵاوکردبووەوە بانگەشەی هەبوونی گەندەڵی کردبوو لە نێو سیاسییەکانی کورددا، بەتایبەت ئەوانەی سەر بە پارتێکی بەهێزن بەناوی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان(ی.ن.ک).

بەگوێرەی تۆمارێکی گفتوگۆی تەلەفۆنی، کە لە حوزەیرانی ٢٠١٢ لە یوتووب بڵاوکراوەتەوە، قسەکەرەکە مەحمود سەنگاوییە، کە ئەندامێکی ی.ن.ک و فەرماندەیەکی سەربازییە.

دوای هەژدە مانگ، کاوە گەرمیانی گیانی لەدەستدا، لەبەردەم ماڵەکەیدا لە کەلار، باشووری شاری سلێمانی، ڕۆژی (٥) ی کانونی یەکەمی ٢٠١٣ گوللە بارانکرا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی هەواڵ، سەنگاوی تۆمەتباری سەرەکی بوو. سەنگاوی مانگی کانونی دووەمی ٢٠١٤ دەستگیرکرا بەڵام هەر زوو بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە ئازادکرا. ئەو جەخت لەسەر بێتاوانی خۆی دەکاتەوە. ئەندامێکی ئاسایی ی.ن.ک دەستگیراکراوە و دانی بە تاوانی کوشتنەکەدا ناوە، بەڵام خانەوادەی گەرمیانی دەڵێن مەحاڵە هاوڵاتییەکی ئاسایی بەتەنیا خۆی هێرشەکەی ئەنجامدابێت و دەڵێن تاوانباری ڕاستەقینە یان دارێژەری پلانەکە هێشتا ئازادە.

سەنگاوی نکۆڵی لە ڕاستبوونی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە نەکردووە کە تیایدا بەگەرمیانی دەڵێت ”سەگباب“ و بەزمانێکی نزم هەڕەشەی لێدەکات، چونکە ، بەوتەی خۆی، گۆڤارەکەی کاوە گەرمیانی لە ژمارەیەکی پێشووتردا بابەتێکی ڕەخنەگەرانە و وێنەیەکی ئەوی بڵاوکردبوەوە.

دەستبەجێ دوای کوشتنی کاوە گەرمیانی، هەندێک ڕۆژنامەنووس و بەرگریکاری مافی مرۆڤ گومانیان دەربڕی لەوەی لێکۆڵینەوەی کوشتنی گەرمیانی بگاتە ئامانج و تاوانباری سەرەکی بەسزایی یاسایی خۆی بگات. ڕۆژی ٢٠ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٣، خۆپیشانداران لەسەراپای کوردستانەوە لافیتەیان بەرزکردبووەوە کە لەسەریان نووسرابوو، "نەک تەنیا بکوژ. کێ لە پشتی بکوژە؟" و "هەموومان دەزانیان بکوژ کێیە."

شاعیری ناسراوی کورد عەبدوڵڵا پەشێو وتەیەکی بڵاوکردەوە کە بەتووندی رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێت، "کاوە لە وڵاتێکدا شەهیدکرا کە نە سیستەمی بەڕێوەبردنی تێدایە، نە دامودەزگا، نە دادگا، نە دەستوور و نە یاسا، هەربۆیە نابێ چاوەڕوانی بەردادکردنی تاوانبارانی راستەقینە بین."

شیرین ئەمین، هاوسەری کاوە، لە کانونی دووەمی ٢٠١٣ بە گریانەوە رووبەڕووی کۆمەڵێک رۆژنامەنوس و کەسانی تر هاواری دەکرد،" مەسئولەکانی یەکێتی کردیان... توخوا داواتان لێدەکەم، راگەیاندنکاران،کاوە برای ئێوەش بوو، ئەم ناحەقییە قبوڵ مەکەن." دوای تێپەڕینی حەڤدە رۆژ بەسەر کوژرانی هاوسەرەکەیدا، شیرین یەکەم منداڵی بوو.

### جێبەجێنەکردنی یاسا خوودسانسۆرکردن بەرهەمدێنێت

کوردستانی عێراق، کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٥ ملیۆن دەبێت، سێ پارێزگای عێراق دەگرێتەوە ـ هەولێر، دهۆک،و سلێمانی ـ و هاووسنووره لەگەڵ ئێران، تورکیا و سوریادا. هەرێمەکە خاوەنی ئاڵا و سروودی نیشتیمانی خۆیەتی، و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی تاڕادەیەک کامڵی بەسەر کاروبارە ناوخۆی و دەرەکییەکانی هەرێمەکەدا هەیە. لە ٢٠٠٣ ەوە، دەسەڵاتی حوکمڕانیکردن لەنێوان ی.ن.ک و پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک) دا دابەشکراوە. هەرچەندە پارتێکی تر بەناوی گۆڕان، بەهۆی بردنەوەی دەنگێکی زۆرەوە، نەخشەی سیاسی خستۆتەلەرزە.



کوردستان بەشێوەیەکی گشتی خۆی پاراستووە لەو توندوتیژییەی بەشێکی زۆری عێراقی دوای شەڕی وێرانکردووە.
(Reuters/Faleh Kheiber)

لەکاتێکدا ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو و هێرشی خۆکووژی و توندڕەوی ئاینی لە دوای شەڕ بەشێکی زۆری عێراقی وێرانکردووە، کوردستان بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەم جۆرە توندوتیژییە پاراستووە. ئابوورییەکەی لەگەشەسەندندایە و هۆکارەکەش بەشێوەیەکی گشتی هەبوونی بڕێکی زۆر نەوت و گازی سروشتییە. بەڵام، لەپشت ئەو رووخسارەوە کە ئارام دەردەکەوێت بەبەراورد بە زۆر بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێکجار گرژی گەورە دروست دەبن و ئەمەش ئەوکاتەیە میدیا زۆرترین مەترسی لەسەرە. رۆژنامەنووسانی هەرێمەکە دەڵێن کوردستان پڕە لە واستەکاری و گەندەڵی؛ زۆر کورد سەرکردەکانی خۆیان بەوە تۆمەتباردەکەن پارەی نەوت بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان بەکاردەهێنن لەجیاتی بونیادنانی ئابووری و دیموکراسییەکی بەهێز بۆ هەمووان. لەشارە بچوکەکانی وەکو کەلار و هەڵەبجە، خەڵکی نارەزایی دەردەبڕن دژی نەبوونی خزمەتگوزاری بنەڕەتی وەکو شەقامی قیرتاو، کار و کارەبا.

کاوە گەرمیانی دواین رۆژنامەنووسە کوژرابێت لە هەرێمی کوردستان، بەڵام کەیسەکە تاکوتەرا نەبوو. لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان، کە گروپێکی قازانج نەویستە و بۆ مافی رۆژنامەنووسان تێدەکۆشێت، بە تێروتەسەلی نزیکەی ٧٠٠ هێرشی لەسەر رۆژنامەنووسان تۆمارکردووە کە تیایاندا، هەڕەشە، هەراسانکردن، لێدان، گرتن، تۆقاندن و سوتاندنی نوسینگەی تێدایە. زۆربەی هێرشەکان بێ سزادانی تاوانکاران ماونەتەوە.

ژمارەی هێرشەکان ساڵی ٢٠١١ گەیشتنە لووتکە کاتێک هەزارەها کورد جۆشیان لەبەهاری عەرەبی وەرگرت و رژانە سەر شەقامەکانیان تا بۆ ماوەی چەند مانگێک نارەزایی دەربڕن دژی دەسەڵاتی سەرکردایەتییەک کە بە دیکتاتۆر و گەندەڵ ناویاندەبرد.

لەو پێکدادانانەی کەبەدوایدا دروستبوو، بەگوێرەی قسەی بەرپرسان و نەخۆشخانەکان، (١٠) کەس، کە دوانیان ئەندامی هێزە ئەمنییەکان بوون، کوژران. لانیکەم چوار رۆژنامەنووس بەگوللە بریندارکران. ئەو ساڵە، سەنتەری میترۆ، ٣٥٩ هێرشی تۆمارکرد کە کرابوونە سەر رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەو ژمارە زۆرەی هێرش بێ پێشینە بوو.

ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣، ژمارەی هێرشەکان کە سەنتەری میترۆ تۆماریکردن بەرێژەیەکی بەرچاو کەمتربوون، ١٣٢ و ١٣٩، بەدوای یەکدا.

بەرپرسانی حکومی دەڵێن دابەزینی ژمارەی هێرشەکان ئاماژەیە بۆ ئەوەی دیموکراسی قوڵتر ڕەگی داکوتاوە و نەرمی و لێبوردەیی بەرامبەر رەخنەگران زیادیکردووە. جەلال کەریم، جێگری وەزیری ناوخۆ، بە CPJ ی راگەیاند وەزارەتەکەی بانگهێشتی پسپۆڕانی میدیای رۆژئاوایی کردووە تا مەشق بە ئەفسەرانی ئاسایش بکەن چۆن شارستانیانەتر مامەڵە لەگەڵ میدیادا بکەن. وتی هەبوونی میدیای جۆراوجۆر لە کوردستان بەڵگەیە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم پاڵپشتی ئازادی رۆژنامەگەری دەکات.

دروستە سەدان بڵاوکراوەی هەواڵیی نوسراو و بینراو و دیجیتاڵ لە کوردستان هەن. بەڵام ئەو رۆژنامانەی رۆژانە دەردەچن هێشتا لە ژێر هەژموونی پارتە حکومڕانەکاندان و زۆرجار دیداری سەرکردە سیاسییەکانیان بەبێ تەحریر وەکو خۆی لەگەڵ وێنەی پڕ مەدح و سەنادا بڵاو دەکەنەوە. زۆربەی بڵاوکراوە سەربەخۆکان هەفتانە یان هەفتەی دووجار لەسەر کاغەز بڵاودەبنەوە. رۆژنامەگەری بینراویش بۆ ماوەیەکی درێژ لەژێر کۆنترۆڵی پارتە سیاسییەکاندا بوو، بەڵام ئەم مۆنۆپۆڵییە ساڵی ٢٠١١ کۆتای هات کاتێک تەلەفزیۆن و رادیۆی نالیا (NRT) وەکو یەکەم تۆڕی تەلەفزیۆنی ئەهلی دامەزرا. هەموو بڵاوکراوەکان وێبسایتی چالاک و لاپەڕەی خۆیان لەمیدیا کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و لە کوردستان پەیوەندی ئینتەرنێتی بەهێز و خێرا و تاڕادەیەکیش هەرزان هەیە، ئەگەر بەتایبەتی بەراوردی بکەیت بە بەشەکەی تری عێراق، و زۆربەی خەڵک بۆ دەستکەوتنی هەواڵ پشت بە ئینتەرنێت دەبەستن. فەیسبووک و تویتەر بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێن و ئینتەرنێت یارمەتی خەڵک دەدات بەشداری مونازەرە و گفتوگۆی قووڵتر بکەن لەوەی لە میدیا ترادسیۆنییەکاندا دەبینرێت.



کوردستان چەن بڵاوکراوەیەکی چاپکراوی هەیە بەڵام زۆربەیان لەژێر کۆنترۆڵی پارتە حوکمڕانەکاندان.
(Reuters)

هێمن لهۆنی، سەرنووسەری وێبسایتی تۆڕی میدیای رووداو، دەڵێت، "رۆژنامە هەرگیز نەیتوانییوە ئەو رۆڵە ببینێت کە میدیای کۆمەڵایەتی دەیگێڕێت. میدیای کومەڵایەتی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان لەبارەی زۆربەی مەسەلەکانەوە دەگۆڕێت. ئێستا سیاسییەکان پێش ئەوەی وتارێک بدەن بیر لەو کاردانەوەیە دەکەنەوە کە دەکرێت لەمیدیای کۆمەڵایەتیدا دروستی بکات." لهۆنی دەڵێت ٨٥٪ سەردانکەرانی سایتی رووداو لە فەیسبووک و تویتەرەوە سەرچاوەدەگرن.

راپۆرتی هەواڵی لێکۆڵینەوەیی کە بەقوڵی بچێتە بنج و بنەوانی گەندەڵییەوە دەگمەنە، تەنانەت لە بڵاوکراوە سەربەخۆکان و بڵاوکراوەکانی ئۆپۆزسیۆنیشدا. زۆر رۆژنامەنووس دەڵێن خوود–سانسۆرکردن پێویستە لە رووماڵکردنی بابەتەکانی وەکو ئاین، نایەکسانی کۆمەڵایەتی، گەندەڵی پەیوست بە بەرپسە بەهێزەکان، خێزانەکانیان یان سەرکردە خێڵەکییەکان.

توانا عوسمان، بەرێوبەری تۆڕی سەربەخۆی تەلەفزیۆنی NRT، دەڵێت پەیامنێران دەتوانن لەبارەی گەندەڵی، واستەکاری و هەموو کارێکی نایاسییەوە بنووسن بەڵام تەنیا بە شێوەیەکی گشتی، "دەتوانیت، بۆ نمونە، بڵێیت [فڵانە دەزگای حکومی ] غەرقی گەندەڵییە.

بەڵام کاتێک دێیت و وورد دەبیتەوە و دەڵێت سەرۆکی ئەو دەزگایە گەندەڵە، ئەو کاتە گرفت دروست دەبێت." لە ئەنجامدا، توانا دەڵێت، راپۆرتە هەواڵییەکان ووردەکارییان تێدانییە و کاریگەری دروست ناکەن.

لەم رووەوە، هاوکارەکانی کاوە گەرمیانی دەڵێن ئەو جیاواز بوو. لە یەکێک لە عەشائیرترین ناوچەکانی کوردستان –کە بەهۆی هاوینی پرتینییەوە پڕ بەپێستی خۆی ناونراوە گەرمیان– کاوە بوێرییەکی دەگمەنی نیشاندەدا. گۆڤارەکەی، رایەڵ، شەرمی نەدەکرد لە ناوهێنانی ئەو بەرپرسانەی کە پێیوابوو دەستیانهەبووە لەگەندەڵیدا، تەنانەت ئەگەر ئەو بەرپرسانە هێندەی فەرماندەیەکی سەربازی وەکو سەنگاوی بەهێزیش بووبن. هاوکارانی دەڵێن گەرمیانی چێژی وەردەگرت لە سوودوەرگرتن لە بەهرەکانی نووسینی بۆ تەحەداکردنی دەسەڵات.

دانا ئەسعەد، موحەریرێکی هەفتەنامەی سەربەخۆی ئاوێنە کە گەرمیانیش بابەتی بۆ نوسیبوو، دەڵێت "شتێک هەبوو کاوە [گەرمیانی]ی جیادەکردەوە لەوانیتر. لەکاتێکدا رۆژنامەنووسانی تر بەگشتی لە راپۆرتەکانیاندا باسی گەندەڵیان دەکرد، ئەو پێیدەوتین کێ گەندەڵە. ناوی دەهێنان، و دەزانیت، ئەمەش لێرە هێڵی سوورە."

لەسەر کاغەز، ئەو رۆژنامەنووسانەی وەکو گەرمیانی دژێوییەکان دەردەخەن لە لایەن یاساوە لە کوردستان دەپارێزرێن. یاسای رۆژنامەگەری هەرێمەکە، کە بەپیاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ ناسراوە، بەندکردن، ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی پەیامنێران قەدەغە دەکات و رێگری دەکات لە داخستنی بڵاوکراوەکان. زۆر رۆژنامەنووس کە بۆ میدیا سەربەخۆکان و میدیاکانی ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن یاساکەیان قبووڵکردووە، کە جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ یاسای ژێر دەسەڵاتی رژێمی دیکتاتۆر سەددام حسێندا.

یاساکە بەبەراورد بە یاسای وڵاتانی تری رۆژهەڵاتی ناوەراست پێشکەوتووە، بەڵام کورتیهێناوە لەوەی لە ئاستی ستانداردی نێودەولەتیدا بێت چونکە یاساخکردنی ناڕوونی تێدایە وەکو "چاندنی تۆی رق وکینە،" "سوکایەتیکردن بە بیروباوەڕ و رێ و رەسمە ئاینییەکان،" "سوکایەتیکردن بە سیمبووڵ و پیرۆزییەکان،" و چوونە ناو ووردەکاری "ژیانی تایبەتی تاکەوە." رۆژنامەنووسان دەڵێن ئەم ووشە ناڕوونانە دەکرێت هەرەمەکیانە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەشێوەیەک لێکدانەوەیان بۆ بکرێت کە خنکاندنی دەنگە دژەکانی لێبکەوێتەوە.

ئاوات عەلی، بەڕێوبەری سەنتەری میترۆ، بە CPJ دەڵێت ساڵانە سەددان داوای یاسایی دژی رۆژنامەنووسان تۆماردەکرێن بە تۆمەتی ناوزڕاندن، سیخووڕیکردن، نواندنی بێڕێزی بەرامبەر ئاین، و "لادان لە عاداتی کۆمەڵایەتی." لەکاتێکدا بەپێی یاسای رۆژنامەگەری، هیچ رۆژنامەنووسێک نابێت بەهۆی کارەکەیەوە بەندبکرێت، بەڵام زۆرێک بەندکراون بۆ یەک یان دوو رۆژ یان زیاتر تا کاتی دادگایکردنیان هاتووە. زۆرجار دەبێت سەدان دۆلار وەکو کەفالەت بدەن بۆ ئەوەی ئازادبکرێن.

لە ناوەڕاستی ٢٠١٣ دا، پەرلەمان یاساییەکی پەسەندکرد، کە هاوشێوەی یاسای ئازادی زانیاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مافی دەستکەوتنی زانیاری حکومی بۆ خەڵک دابین دەکات. بەڵام رۆژنامەنووسەکانی هەرێمەکە دەڵێن گرفتەکە دەستکەوتنی زانیاری یاخود پاراستنی یاسایی نییە– بەڵکو جێبەجێنەکردنی خودی یاساکانە.

رەحمان غەریب، رێکخەری گشتی سەنتەری میترۆ، بە CPJ وت، "کوردستان هەرێمێکە کە یاسای تێدا جێبەجێناکرێت و دادگاکان سەربەخۆ نین."

رەخنەگران دەڵێن سیستەمی دادوەری و ئاسایش لەلایەن دوو پارتە حکومڕانەکەوە– ی.ن.ک و پ.د.ک– کۆنترۆڵکراوە. هەر پارتێک میلیشیای سەربەخۆی خۆی هەیە کە وەکو هێزی ئاسایش و پۆلیس لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا کاردەکەن، فەرمان لە سەرۆکی پارتەکانیان وەردەگرن لەجیاتی وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە. سلێمانی ناوچەی بەهێزی ی.ن.ک–و پ.د.ک–یش لە هەولێر و دهۆک دەسەڵاتی باڵای هەیە. رەخنەگران دەڵێن پارتەکان دادوەر لەسەر بنەمای دڵسۆزی حیزبییان دادەنێن نەک لەسەر بنەمای لێهاتووییان، و ئەم هۆکارانەش زۆرجار وادەکەن مەحاڵبێت بەرپرسە پلەبەرزەکان یاخود بەرپرسانی حکومی بە تۆمەتی تاوان دەستگیربکرێن.

CPJ داوای وەڵامی لەحکومەت کرد لەهەمبەر ئەو رەخنانە و ئەنجامەکانی تری ئەم راپۆرتە. بەڵام نوسینگەی سەرۆک مەسعود بارزانی وەڵامی پرسیارەکانی CPJ نەدایەوە کە بە ئیمەیڵ ناردبووی.

لەهەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ٢٠١٣ دا، پارتی سێیەم، گۆڕان، سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەری تۆمارکرد و بووبە دووەم بەناوبانگترین پارت لەپێش ی.ن.ک-ەوە. هەرچەندە هەستانی گۆڕان فۆرمەڵەی دابەشکردنی دەسەڵاتی نێوان پارتی و یەکێتی تێکدەدات، بەڵام چاوەڕواندەکرێت ی.ن.ک وەکو یاریکەرێکی بەهێز بمێنێتەوە بەهۆی ئەو باڵە سەربازییەوە کە هەیەتی و دەسەڵاتی باڵای بەسەر پارێزگای سلێمانیدا هەیە.

هەر کە گرژییە سیاسییەکان پێش هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ٢٠١٣ زیادیانکرد، ژمارەی هێرشەکان تا ئاستێکی بەرچاو لەسەر رۆژنامەنووسان زیادیکرد. ژمارەی هێرشەکان ساڵی ٢٠١٢ دابەزیبوون دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١١ و لەکاتی بەهاری عەرەبیدا گەشتبوونە لوتکە.



پیاوێک بەلای پۆستەرێکی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارتی گۆڕان-دا تێدەپەڕێت لە ئەیلولی ٢٠١٣.
(AFP/Ahmad al-Rubaye)

ئاسۆس هەردی، رۆژنامەنووسی ناودار و بەرێوبەری کۆمپانیای ئاوێنە کە رۆژنامەی هەفتانەی سەربەخۆی ئاوێنە دەردەکات، بە CPJ راگەیاند، "هەرکاتێک قەیرانێک یاخود جۆرێک بارودۆخی سیاسی هەستیار روودەکاتە ئەم وڵاتە، یاسا، دیموکراسی و مافی مرۆڤ هیچ مانایەکیان نامێنێت." ئاسۆس، کە خۆی لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە لە ئابی ٢٠١١ بە کەرەستەیەکی ئاسنین لێیدرا و بەوهۆیەشەوە لەنەخۆشخانە چاککردنەوەی برینەکەی پێویستی بە ٣٢ تەقەڵ هەبوو، دەڵێت دەبێت ژمارەی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر رۆژنامەنووسان لە سیاقدا سەیربکرێت. (تەنیا ئەو کەسەی کە گومانوایە شۆفێری ئەو ئۆتۆمبیلە بووە کە هێرشکەرەکەی هەڵگرتبوو سزادراوە. هەرچەندە شۆفێرەکە ئیفادەی داوە دووکەسی تریش بەشداربوون لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا، کەسی تر سزانەدراوە."

شەش مانگ دوای تێپەڕین بەسەر هەڵبژاردنەکاندا، کوردستان بەبێ حکومەت لە چەقبەستووی سیاسیدا بوو.

## کوشتنێکی چارەسەرنەکراو

یەکێک لە زەقترین هێرشەکان بۆ سەر رۆژنامەگەری کوردستان کرایە سەر رۆژنامەنووسی خوێندکار سەردەشت عوسمان، کە تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو و دواین ساڵی زمانی ئینگلیزی دەخوێند کاتێک لەبەردەم دەرگای زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر لە ٤ ی ئایاری ٢٠١٠ رفێنرا. رۆژنامەنووسێکی سەربەست بوو کە بابەتی لە چەندین دەزگای راگەیاندنی جیاوازدا بڵاوکردبۆوە، لەوانە رۆژنامەی سەربەخۆی ئاشتینامە، وێبسایتی هەواڵی سبەی، کوردستانپۆست، ئاوێنە، هاوڵاتی و لڤین پرێس.

سەردەشت بابەتی توندی لەسەرتێوەگلانی بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و دوو پارتە سەرەکییەکە لەگەندەڵیدا نووسیبوو. مردنەکەی لەکاتێکدا هات هەرێمەکە زیادبوونی گرژی سیاسی بەخۆیەوە دەبینی. گۆڕان، وەکو بزوتنەوەیەکی تازە دامەزراو کە خۆی وەکو ریفۆرمخواز خستبووەڕوو، سەرکەوتنێکی باشی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ دا بەدەستهێنابوو. نزیکەی یەک لەسەر چواری ١١١ کورسییەکەی پەرلەمانی بردبووەوە. دەنگدەران بۆیەکەمجار لەشاشەی تەلەفزیۆنەوە راستەوخۆ پەرلەمانتاری ئۆپۆزسیۆنیان دەبینی بەدەنگی بەرز لە پەرلەمانەوە باسی گەندەڵی و گرێبەستی ژێربەژێری نەوتیان دەکرد.




خۆپیشاندەرێک نارەزای دژی کوشتنی سەردەشت عوسمان دەردەبڕێت.
(YouTube/FilmBrad)

یەکێک لە توندترین بابەتەکانی سەردەشت بریتی بووە لە نوسینێکی گاڵتەئامێز لەبارەی خانەوادەی سەرۆک بارزانییەوە، کە سەرۆکی پ.د.ک-ە، بەناونیشانی "من عاشقی کچەکەی بارزانیم." لە بابەتەکەدا، کە لەژێر ناوێکی خوازراو لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٩ لە کوردستانپۆست بڵاوکرایەوە، عوسمان هێرشیکردبووە سەر فراوانبوونی بۆشایی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و پرسیاری ئەوەیکردووە ئاخۆ دەتوانێت بە خواستنی یەکێک لە سێ کچەکەی بارزانی لە دەست هەژاریی هەڵبێت.

بەشدار عوسمانی برای رۆژنامەنووس بە CPJ ی ووت دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتە براکەی چەندین هەڕەشەی بە تەلەفۆن و کورتەنامە بۆ ڕۆشتووە. بەردەوام ترسی زیاتر دەبوو. لە دواین وتاریدا، سەردەشت باسی چاوەڕوانی مەرگی خۆی کرد: "نەباکم بەمردنە و نە ئازاردان، لەچاوەڕوانی کۆتاییهاتنی مۆڵەتەکمم تادیداری بکوژەکانی خۆم بکەم، دوعاش دەکەم مردنێکی تراژیدیام پێببەخشن کە شایستەی ژیانە تراژیدیاکەم بێت."

بە قسەی شایەتحاڵەکان لەو کاژێرەدا کە ترافیک بەهۆی هاتووچۆی زۆری خەڵکەوە بۆ دەوام خاودەبێتەوە لە پایتەختی کوردستان، سەردەشت رفێنرا و بەزۆر خرایە ناو مینی پاسێکەوە. سەرەڕای هەبوونی بازگە لەسەر رێگەی هەولێر-موسڵ، هێزەکانی ئاسایش دەڵێن سەردەشت سەرکەوتووانە گواسترایەوە بۆ موسڵ، کە شارێکی ترە لە باکوری عێراق، و لەوێ بە مردووی لەسەر رێگایەک دۆزرایەوە و دوو فیشەک لەسەری درابوو.

حەفتا و پێنج رۆژنامەنووس و موحەریر و رۆشنبیری کورد بەیاننامەیەکیان لە ئایاری ٢٠١٠ بڵاوکردەوە کە حکومەتی هەرێمی بە بەرپرسیاردانا بەرامبەر کوشتنی سەردەشت عوسمان. لەبەیاننامەکەدا هاتبوو، "ئەم کارە لەدەرەوەی توانای تاکە کەسێک یان گروپێکی بچوکە. بروامان وایە لەپێش هەموو کەسێکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی ئاسایش بەرپرسن و دەبێت هەموو شتێک بکەن بۆ دۆزینەوەی ئەم دەستە ڕەشە."

رۆژی ١٠ ی ئایاری ٢٠١٠، سەددان خوێندکاری زانکۆ لەوشوێنەوە کە سەردەشتی لێ رفێرابوو بەرێیپێوان بەرەو پەرلەمان بەرێکەوتن. هاواریاندەکرد، "کێ دەستی بەخوێنی سەردەشت سوورە؟" سەرۆکی ئەوکاتی پەرلەمان کەمال کەرکوکی، ئەندامێکی پ.د.ک، هەوڵیدا قسە بۆ گردبوونەوەکە بکات، بەڵام خۆپیشاندەران بوتڵی ئاو و پێڵاویان تێگرت تا ناچارکرا شوێنەکە جێبهێڵێت.

ماویەکی کەم دوای کوشتنی سەردەشت، بارزانی وتی لیژنەیەکی پێکهێناوە تا لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە بکات بەڵام ناوی ئەندامانی لیژنەکە ئاشکرانەکران. زانیارییەکی زۆرکەم لەبەردەستدان لەسەر ئەوەی ئایا ئەو لیژنەیە هەرگیز کۆبۆتەوە یاخود لەراستیدا هەر بوونی هەبووە.



مەسعود بارزانی لیژنەیەکی نەناسراوی پێکهێنا بۆ دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت عوسمان.
(Reuters/Ruben Sprich)

بەڵام پێنج مانگ دواتر، هێزەکانی ئاسایش دانپێدانانێکی تۆمارکراوی کەسێکیان بەناوی هیشام مەحمود ئیسماعیل لەتەلەفزیۆن بڵاوکردەوە کە وتی شۆفێری ئەو مینی پاسە بووە کە سەردەشتی هەڵگرتبوو بۆ موسڵ. دوای ناساندنی خۆی وەکو ئەندامێکی ئەنسار ئەلئیسلام، کە گروپێکی سەربە قاعیدەیە، وتی سەردەشت کوژرا لەبەرئەوەی شکستی هێنابوو کارێکی نەزانراو بۆ گروپە ئیسلامییەکە جێبەجێبکات. بەڵام لە بەیاننامەیەکدا کە لەمیدیاکانی ناوخۆدا بڵاوکرایەوە، ئەنسار ئەلئیسلام نکۆڵیکرد دەستی ئەوی تێدابووبێت. ئەندامانی خانەوادەی سەردەشت بە رۆژنامەنووسانیان راگەیاند کە لەلایەن هێزە حکومییەکانەوە هەڕەشەیان لێکراوە دوای ئەوەی لە میدیاکاندا دژی ئەو بیرۆکەیە قسەیانکردبوو کە دەڵێت سەردەشت پەیوندی بە گروپێکی تیرۆریستییەوە هەیە. بە گوێرەی هێزەکانی ئاسایش، هیشام هێشتا لە بەندینخانەدایە.

CPJ و گروپە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ ڕەخنەیان لە لێکۆڵینەوەکە گرت بەوەی جێگای متمانە نییە و شەفافیەتی تێدانەبووە. بەهانشێوە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە گڕی تووڕەیشی لە کەسانی تر بەردا. لە ستوونی رۆژنامەیەکدا، بەختیار عەلی، رۆمانئوسی ناوداری کورد، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بە "درۆیەکی زل" ناوبرد. هاوکارانی سەردەشت ووتیان ئەوان سەردەشتیان وەکو کەسێکی چەپڕەوی لیبراڵ و عەلمانی ناسیبوو- نەک توندڕەوێکی ئاینی.
بەشدار عوسمان بە CPJ دەڵێت هێندە رەخنەی لە بەشداری حکومەت گرت لە کوشتنی براکەیدا، هەستی بە ترسکرد لە سەر ژیانی خۆی و کوردستانی بەرەو ئەوروپا جیهێشت و تەنیا بەمدوایە گەڕایەوە تاسەردانی هەرێمەکە بکات. لە دیدارێکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ CPJ، وتی هێشتا بڕوای وایە لێکۆڵینەوەکەی حکومەت لەسەر کوشتنی براکەی هەڵبەستراوبووە، "هەر هەمووی -لە ئەلفەوە بۆ یاء- درۆ و هەڵبەستراوبوو. کوژرانی ئەو ژیانی ئێمەی بۆ هەتا هەتایە گۆڕی. زۆر شتیشی لە کوردستان گۆڕی. مەسەلەی سەردەشت ئێستا بۆتە مەسەلەی ئازادی." هەروەها وتی تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەن بەسەرپەرشتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەتوانێت بکوژی راستەقینە بدۆزێتەوە.

### هێرشێکی سوتاندنی بێشەرمانە

چەند مانگێک دوای کوژرانی سەردەشت عوسمان، ناڕەزاییەکانی بەهاری عەرەبی کە باکوری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاسی گرتبووەوە گەیشتە کوردستانی عێراق. رۆژی ١٧ ی شوباتی ٢٠١١، هەزاران کورد لە سلێمانی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و داوای کۆتایی دەسەڵاتی گەندەڵ و دیکتاتۆرانەی سەرکردەکانیان دەکرد.

لەوکاتەدا، ژمارەیەک رۆژنامەنووسی سەربەخۆ NRT یان وەکو یەکەم کەناڵی کەرتی تایبەت لە هەرێمەکە دامەزراند. NRT دەستی بە پەخشکرد بە رووماڵێکی بەهێزی خۆپیشاندەرانەوە. وێنەی راستەوخۆی خەڵکی پیشاندەدا دروشم گەلێکیان دەوتەوە کە شەرعیەتی

بارزانی و جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی ی.ن.ک، دووەم بەهێزترین پارت، و هەڵگری پۆستی سیمبۆڵی سەرۆکی عێراق، دەخستە ژێر پرسیارەوە. (بەگوێرەی راپۆرتەکانی هەواڵ، تاڵەبانی لە ساڵی ٢٠١٢ جەڵتە لێیداوە و لەوکاتەوە لە دەرەوەی وڵات لە نەخۆشخانەیە.)



خەڵکی کوردستان ئاڵای پارتەکەی سەرۆکی عێراق و سکرتێری یەکێتی جەلال تاڵەبانی بەرزدەکەنەوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ٢٠١٣.
(AFP/Ahmad al-Rubaye)

ماوەیەکی کەم دوای دەستپێکی پەخشەکەی، کەناڵە تەلەفزیۆنییەکە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ هات کە پەیامێکی مەترسیداری پێبوو، بەقسەی توانا عوسمان، بەڕێوبەری NRT (کە هیچ پەیوەندییەکی بە رۆژنامەنووسی کوژراو سەردەشت عوسمانەوە نییە). پەیامەکە ئەوەبوو: "دەبێت یان پەخشرابگرن یان باجێک دەدەن" تەلەفزیۆنەکە دووەمیان هەڵبژارد. شەوێکی تاریکی زستانی شوباتی ٢٠١١، چەند رۆژێکی کەم دوای دەستپێکی پەخشەکەی، دەیان کەسی چەکدار هەڵیانکوتایە سەر ئۆفیسی سەرەکی NRT و تەواوی باڵەخانەکەیان گڕتێبەردا. لەو کاتەدا ستۆدیۆکان بەتاڵبوون و کەس بریندارنەبوو.

سێ ساڵ دواتر، هێشتا کەس دەستگیرنەکراوە. لە ئازاری ٢٠١١، بەرهەم ساڵەح، کە ئەوکات سەرۆک وەزیران بوو، لە پەرلەمان رایگەیاند کە دادگای سلێمانی بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ "هەشت یان نۆ کەس" دەرکردووە بە تۆمەتی ئەوەی دەستیان هەبووە لە هێرشەکەی سەر NRT دا. بەرهەم ساڵەح وتی، "دوانیان ناسراون. یەکێکیان سەر بە هێزی دژە تیرۆرە. ئەویتریان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە." بێ ئەوەی روونکردنەوەی زیاتربدات، بەڵێنیدا هەر کارێک لەتوانادا هەبێت بیکات تا ئەنجادەران بە سزای یاسایی بگەن.

ددوای نزیکەی هەفتەیەک، NRT رایگەیاند کە ئەو دوو کەسەی بەرهەم ساڵەح ناراستەوخۆ ئاماژەی بۆ کردبوون چوونە بەردەم دادگا. کەناڵەکە بڵاویکردەوە کە یەکێک لە تۆمەتبارەکان سەرۆکی ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و ئەوی تریان بەرپرسی بەشی هەواڵگری ئاژانسی دژە تیرۆرە، کە یەکەیەکی تایبەتە بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستان. NRT ناوی تۆمەتبارەکانی نەهێنا.

لە دادگا، هەردوو بەرپرس نکۆڵیانکرد بەشداریان لە هێرشەکەدا کردبێت و کەسیان بەندنەکران. بەپێی راپۆرتێکی NRT، هێزەکانی ئاسایش و پاسەوانە تایبەتەکانی ئەو بەرپرسانە لەدەرەوە و ناوەوەی باڵەخانەی دادگا گردبووبوونەوە. بێ ئەوەی ناوی سەرچاوەکەی بهێنێت، NRT وتی یەکێک لە بەرپرسەکان پسوولەی هێنابوو بۆ دادگا تا بیسەلمێنێت کە ئەو شەوەی هێرشەکە کراوەتە سەر NRT، ئەو لە سلێمانی نەبووە، ئەویتریان نکۆڵی لەبەشداری خۆیکردبوو بە وتنی، "من کەسێکی قەڵەوم"– بە ئاماژەکردن بەوەی کە هێرشێکی کۆماندۆئاسای لەوشێوەیە پێویستی بە جەستەیەکی وەرزشی هەیە.

بەڵام بەرپرسیارێتی جەستەیی لە سوتاندنەکەدا مەسەلەی سەرەکی نەبوو تا لێپێچینەوەی لێبکرێت.

لەبەرئەوەی ئەو دوو کەسە لە هەواڵگری کاردەکەن، ناسنامەیان بە نهێنی ماوەتەوە و CPJ نەیتوانی بۆ وەرگرتنی سەرنجیان پەیوەندی بەهیچکامیانەوە بکات.

کەیسی چارەسەرنەکراوی NRT رۆژنامەنووسانی بەتایبەتی نائومێدکردووە لەبارەی کاریگەربوونی دەزگاکانی دادوەری و جێبەجێکردنی یاساوە لە کوردستان. هێشتا بە نهێنی ماوەتەوە چۆن کەسێک دەتوانێت تەواوی باڵەخانەی تەلەفزیۆنێک لەیەکێک لە

ئارامترین، پڕپاسەوانترین و ڕاقیترین ناوچەیی نیشتەجێی سلێمانیدا بسوتێنێت و قوتاری بێت. NRT دەکەوێتە گوندی ئەڵمانییەوە، ئەو شوێنەی کە هەندەرانییە هەبووەکان دەتوانن تیایدا بژین.

لە ئابی ٢٠١٣، لێکۆڵەرێکی CPJ سەردانی تەلەفزیۆنەکەی کرد تا دواین زانیاری لەبارەیەوە بزانێت. NRT هێشتا وەکو دەزگایەکی ڕاگەیاندنی بەهێز بەردەوامە لە کارکردن. باڵەخانەی سەرەکیان نوێکراوەتەوە. پەیامنێرانی کۆڵنەدەر دەردەکەون. دیوارەکانی ناوەوەی ئۆفیسە نوێیەکە ڕازێنراوەتەوە بە وێنەی خاشاکی ئەو شوێنەی کە کاتی خۆی جێگای کارکردنیان بوو.

بەڵام توانا عوسمان بە CPJ وت نائومێد بووە بەرامبەر تەواوی سیستەمی حوکمڕانی کوردستان، "ئەوانەی تەلەفزیۆنەکەیان سووتاند بەشێکن لە گروپێک کە لە حکومەت گەورەترە." پاشان ئەوەی زیادکرد کە بەڵگەی پێویست لەبەردەستدان بۆ ئەوەی دادگایەکی سەربەخۆ بتوانێت بگاتە ئەنجامی کۆتایی، "ئەگەر دادگا جدی بێت لەو بارەیەوە– ئەگەر لە پێش هەموویەوە سەربەخۆ بێت– ئەوا تاوانبارەکان بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە."

CPJ لە جەلال کەریم، جێگری وەزیری ناوخۆ، ی پرسی بۆچی ئەوانەی هێرشیانکردە سەر NRT هێشتا ئازادن. وەڵامەکەی دانپێدانانێکی تێدابوو کە دەریخست هەندێک کەس لە کوردستان لەسەروو یاساوەن. جەلال کەریم وتی، "ئەو[توانا عوسمان] دەزانێت کێ سوتاندی. دادگا دەزانێت کێ سوتاندی." ئەوەشی خستەڕوو کە ئەوانەی هێرشەکەیان ئەنجامدا ڕەنگە عێراقیان بۆ وڵاتێکی تر جێهێشتبێت.

ڕەحمان غەریب. ڕێکخەرەکەی سەنتەری میترۆ، وتی بڕوای وایە سیستەمی دادوەری کوردستان سەربەخۆ نییە. وتی، "هەموو دادوەرەکان لەسەر بنەمای دڵسۆزی بۆ پارتەکانی دەسەڵات دادەمەزرێن."

ڕەوەند مەعسوم، دادوەرێک کە وەکو بەرپرسێکی وەزارەتی داد خزمەت دەکات، ناکۆکە لەگەڵ ئەمەدا، "هەموومان پێشتر پۆستی حیزبیمان هەبووە. بەڵام دادگا شوێنێکی پیرۆزە. هەر کە پێمان تێخست، حیزبایەتیمان لەدواوە جێدەهێڵین و سەربەخۆ کاردەکەین."

لەکاتێکدا کەیسی تاوانەکە چاوەڕوان ناکرێت لە دادگادا یەکلاییبکرێتەوە، NRT جەختکردنی خۆی گۆڕییوە لەدۆزینەوەی تاوانبارنەوە بۆ وەدەستهێنانی قەرەبوو بۆ ئەو زیانانەی پێیکەوتووە. پەرلەمان بڕیارێکی نائاسایی لە ٢٣ ی شوباتی ٢٠١١ دەرکرد کە فەرمان بە حکومەت دەکات "بەپێی یاسا" قەرەبووی NRT و ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانە بکاتەوە کە زیانیان بەرکەوتووە. بەگوێرەی ئەو بڕیارە،حاکم فەرهاد حاتەم، داواکاری گشتی سلێمانی دەڵێت، دادگای سلێمانی فەرمانیکردووە حکومەت قەرەبووی NRT بکاتەوە بەبڕی ١٥ ملیۆن دۆلار.

توانا عوسمان بە CPJ ڕاگەیاند NRT هێشتا قەرەبوو نەکراوەتەوە، بەڵام گەشبینە بەوەی تەلەفزیۆنەکە پارەکە لەماوەیەکی نزیکدا وەردەگرێت. ئەو وتی مەسەلەی چارەسەرنەکراو ئەوە نییە دەبێت NRT قەرەبووبکرێتەوە یان نا بەڵکو چەندە دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە.

بەپێچەوانەوە، ویستی حکومەت بۆ قەرەبووکردنەوەی NRT ئەو بۆچوونە بەربڵاوەی خەڵکی بەهێزکردووە کە کەسانی دەسەڵات –بەرپرسی حیزبی یان حکومی– دەبێت هێرشەکەیان بۆ سەر تۆڕە تەلەفزیۆنییەکە ئەنجامدابێت ئەگەرنا بۆچی حکومەت ئامادەیە ئەو برە پارە زۆرە بدات بە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت.

ڕەخنەکان تەنیا لە ڕۆژنامەنووسانەوە نایەن. حاکم فەرهاد حاتەم، داواکاری گشتی سلێمانی، تەمیزی بڕیارەکەی دادگای سلێمانی کردۆتەوە و دەڵێت ئەو قەرەبووە هیچ بنەمایەکی یاسایی بۆ نییە.

حاکم فەرهاد بە CPJ وت، "نامەوێت لێت بشارمەوە. مەسەلەکە ڕەهەندێکی سیاسی هەیە. ئەم پرسیارە لەخۆت بکە: لە چی شوێنێکی ئەم دونیا هەیە حکومەت قەرەبوونی تاوانێک بکاتەوە خۆی نەیکردووە؟"

توانا عوسمان دەڵێت NRT هەندێکجار هەوڵدەدات مەسەلەی هەستیار رووماڵبکات، بەڵام لانیکەم لەیەک حاڵەتدا نەیتوانی: لەساڵیادی هێرشەکەی سەر NRTدا.

دیکۆمێنتارییەکەی درێژ و لێکۆڵینەوەیی بەناونیشانی "کێ NRT سوتاند؟" ئامادەکرابوو و خرابووە خشتەوە تا پەخشبکرێت.

ریکلامی فیلمەکە بۆچەندین رۆژ بڵاوبووبووەوە. سەرەڕای چەندین پەیوەندی تەلەفۆنی کە هۆشداریان دابوو دیکۆمێنتارییەکە بڵاونەکرێتەوە، فیلمەکە لەکاتی خۆیدا پەخشکرا. پاش چەند خولەکێک، بینەران لەماڵەکانیان شەبەکەی NRT یان نەما. توانا عوسمان وتی هۆشدارییەکی تریان لە تەلەفۆنێکی نەناسراوەوە بۆهات: "جاری رابردوو، تەنیا تەلەفزیۆنەکەمان سوتاند. ئەمجارە بەخۆتانەوە دەیسوتێنین." دیکۆمێنتارییەکە هەرگیز پەخشنەکرا.



هێرشی شوباتی ٢٠١١ بۆ سەر کەناڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنی نالیا (NRT).

(YouTube/Press TV) .

کانونی یەکەمی ٢٠١٣، کاتێک هێرشەکەرانی سەر NRT هێشتا ئازادبوون، خوودی تەلەفزیۆنەکە جارێکی تر بوو بە هەواڵ. خاوەنەکەی،شاسوار عەبدولواحید، درایە بەر گوللە و لە سلێمانی بریندارکرا. بەڵام ئەمجارەش، ئەنجامدەرانی هێرشەکە تاوانەکەیان بەبێ سزا ئەنجامدا.

## حاڵەتێکی هەراسانکردنی یاسایی

هەموو پێشێلکارییەک دژی میدیا لە کوردستان هێندەی سوتاندن و کوشتن گەورە نین. داوای یاسایی و گرتنی هەرەمەکیانەش میکانیزمی کاریگەرن بۆ دروستکردنی هەڕەشە و هەراسانکردن، و ناچارکردنی رۆژنامەنووسان تا بێدەنگیان بکەن.

شێروان شێروانی، سەرنووسەری باشوور، گۆڤارێکی رەخنەگرانە لە پارێزگای دهۆک، ٢٠ ی نیسانی ٢٠١٢ بۆ چەند رۆژێک بەبێ بوونی فەرمانی دەستگیرکردن بەندکرا بەهۆی دوو بابەتەوە کە بانگەشەی گەندەڵی حکومی کردبوو. دوای دانی ملیۆنێک دیناری عێراقی وەکو کەفالەت رێگەپێدرا بەندیخانە جیبهێڵێت. ئەو بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند هۆکاری گرتنەکەی سیاسی بووە و ڕەخنەی توندی لە دامەزراوەی یاسایی کوردستان گرت و بە "حوکمی قەرەقوش" یاخود "حوکمی ستەمکار" ناوی برد– ئەمەش، بە قسەی خۆی، بووەهۆی ئەوەی دادگا بە بڕی ٢٠٠ هەزار دینار غەرامەی بکات چونکە سوکایەتی بە دامەزراوەیەکی دەوڵەت کردبوو.

بەهۆی کاری رۆژنامەنووسییەوە، شێروانی چەندین جار دادگاییکراوە.

لە ٢٠١٣، بەهزاد بارزانی، برازای سەرۆک، داوایەکی یاسایی دژی شێروانی تۆمارکرد بەهۆی بابەتێکەوە کە لە گۆڤاری باشوور نوسیبووی و بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە برازاکە هێزێکی سەربازی خۆی هەیە کە سەرپەرشتی بەندیخانەیەک دەکات کە دەیان بەندکراوی سیاسی تێدایە. شێروانی بە CPJ ی وت، "ئەوە بەندیخانەیەکی نایاساییە کە تیایدا خەڵکی لەژێر ئەشکەنجەدا مردوون یان خۆیان کوشتووە."

شێروانی وتی تەنیا دوای ئەوەی دراوسێکانی ئاگاداریانکردۆتەوە کە هێزێکی پۆلیس هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵەکەی لە کانونی یەکەمی ٢٠١٣ زانیویەتی داوای یاسایی لەسەرە. بەهزاد بارزانی نکۆڵی لەو بانگەشانەکرد کە دەڵێن ئەو هێزی ناردۆتە سەر ماڵی رۆژنامەنووسەکە و وتی پۆلیس تەنیا بڕیاری دادگای جێبەجێکردووە بۆ دەستگیرکردنی. پارێزەرەکەی بارزانی، سەردار رەقیب

نەجم، وتی کە داوا یاساییەکە لە حوزەیرانی ٢٠١٣ دەرچووە بەڵام پۆلیس نەیتوانیبوو دەستگیریبکات چونکە شوێنی دۆزینەوەی شێروانی ئاسان نەبوو.

لە دیدارێکدا لەگەڵ CPJ لە ٢٠ کانونی یەکەمی ٢٠١٣، بەهزاد بارزانی ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە داوایەکی یاسایی بۆ ناوزڕاندن تۆمارکردووە، "هەندێکی شتی لەسەر من لە گۆڤارەکەیدا بڵاوکردۆتەوە کە هیچ بنەمایەکی نییە. لە بابەتەکەدا، من تۆمەتباردەکات بەوەی خەڵکی بێتاوانم کوشتووە. دەبێت بچێتە بەردەم دادگا و بیسەلمێنێت کە خەڵکم کوشتووە. ئەگەر درۆی کرد، دەبێت بەرپرسیارێتییەکەی هەڵبگرێت. ئەگەر راستیشی گوتبوو، ئەوا دادگا دەبێت وەکو پیاوکوژ مامەڵە لەگەڵ مندا بکات."

لە ٢٢ی کانونی یەکەمی ٢٠١٣، شێروانی چووە بەردەم دادگا تا ئیفادە بدات و جارێکی تر بە کەفالەتی یەک ملیۆن دیناری عێراقی ئازادکرا. دادگاییەکە تا کاتێکی نادیار دواخراوە. شێروانی پەشیمان نییە لە بابەتەکەی و دەڵێت سێ شایەتی هەیە کە ئەشەکەنجەدراون لەو بەندینخانەدا ئەو بانگەشەی هەبوونی دەکات، بەڵام دەترسن تۆڵەیان لێبکرێتەوە ئەگەر بێتوو ئیفادەبدەن و دادگا ناسنامەیان نەپارێزێت.

شێروانی بە CPJ دەڵێت ئەو ئێستا ماڵی خۆی بەشوێنێکی سەلامەت دانانێت چونکە دەترسێت لەهەرکاتێکدا رەنگە لەلایەن هێزەکانی پۆلیس یان ئاسایشەوە بکوترێتە سەری. دەڵێت "هەمیشە لە نێوان سلێمانی، هەولێر و دهۆکدام."

نامۆ عەبدوڵڵا رۆژنامەنووسێکی کوردی عێراقە و لە واشنتن دادەنیشێت و هەڵگری بروانامەی ماستەرە لە رۆژنامەگەری لە زانکۆی کۆلۆمبیا. ئێستا بەرێوبەری نوسینگەی واشننتی رووداوە، کە کەناڵێکی ٢٤ کاژێری هەواڵە لە کوردستان و لەوێ بەرنامەیەکی هەفتانەی هەیە بەناوی "لەواشننتەوە." نوسینەکانی لە بڵاوکراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو جەزیرەی ئینگیلیزی، رۆیتەرز و نیویۆرک تایمز بڵاوبوونەتەوە.

هەڵەیەک لە پەرەگرافی ١٧ ی ئەم راپۆرتەدا هەبوو کەچاککراوەتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی رۆژنامە سەربەخۆکان هەفتانە یان هەفتەی دووجار دەردەچن - نەک هەموویان وەکو پێشتر ئاماژەی پێکرابوو.

## راسپاردەکان:

### بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

- بەقووڵی لێکۆڵینەوە لەهەموو ئەو هێرشانەبکە کراونەتە سەر رۆژنامەنووسان و بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، هەر لە مردنی سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانییەوە بۆ هێرشەی سوتاندنی کەناڵی تەلەفزیۆن و رادیۆی نالیا (NRT) لێکەوتەوە و بەتەواوی بڕیاری یاساییان بەسەردا بەرپرسیاراندا جێبەجێبکە. خانەوادەی ئەو رۆژنامەنووسانەی کوژراون و دیارنەماون دڵنیابکەوە کە دەتوانن بە دوای راستییەکان بگەڕێن لەبارەی چارەنووسی کەسوکاریانەوە بێ ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبێت رووبەڕووی سزادان دەبنەوە.
- ئەنجامی کاری ئەو لیژنەیەی سەرۆک دروستیکرد بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتنی سەردەشت عوسمان و هەر لێکۆڵینەوەیەکی تر بۆ هێرشەکانی تری سەر رۆژنامەنووسان کراون بۆ خەڵکی بڵاوبکەرەوە.
- مەشق و پەروەردە دابینبکە بۆ بەرپرسانی دادوەری و ئاسایش و دڵنیایی بدە هیچ رۆژنامەنوسێک بەهۆی کارەکەیەوە بە نایاسایی بەندناکرێت. بەئاشکرا سەرکۆنەی حاڵەتەکانی بەندکردنی نایاسایی بکە و ئەوانەی بەرپرسن دەبێت سزایی یاسایی بدرێن.
- هەنگاو بگرەبەر بۆ هەمواركردنەوەی یاسای رۆژنامەگەری بە بەشداری رۆژنامەنووسانی ناوخۆیی و بەئامانجی لابردنی ئەو یاساخکارییانەی بە ووشەی ناڕوون نووسراون و دەکرێت خراپ بەکاربهێنرێن و دادگایکردنی سیاسییان لێبکەوێتەوە.

### بۆ سەرکردەکانی پارتە سیاسییە کوردییەکان:

- بە ئاشکرا دەربیڕە کە پارتەکەت هاندەری مونازەرەی کراوە و رەخنەیە و پاڵپشتی توندوتیژی یان هیچ جۆرە کارێک ناکات مەبەست لێی ناچارکردنی رۆژنامەکان بێت تا کاری خۆیان ئەنجامنەدەن، بەو کارانەوە کە هێزەکانی ئاسایش ئەنجامی دەدەن. چالاکانە کاربکە بۆ پەروەردەکردنی هاندەرانتان لەبارەی ئەوەی یاسا رۆژنامەنووسان دەپارێزێت.

### بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی:

- یونسکۆ، بە پشت بەستن بە پلانی کاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی ئاسایشی رۆژنامەنووسان و پرسی سزانەدانی تاوانباران، دەبێت کار لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ باشترکردنی یاسا و میکانیزمەکانی پاراستنی رۆژنامەنووسان و گەرەنتی ئازادی رادەربڕین و ئازادی زانیاری دابینبکات.

- گرووپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێت کار لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ بەرەوپێشبردنی دەسەڵاتی یاسایی لەڕێگەی پرۆگرامی مەشقپێکردن و دامەزراندنی دامەزراوەی حکومی بەهێز و سەربەخۆ.
- هاوبەشە بازرگانییە دوولایەن و هەمەلایەنەکان دەبێت ئازادی رۆژنامەگەری بکەنە مەرج لەگفتوگۆکانیان لەسەر بازرگانی و وەبەرهێنان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لیژنەی داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان
330 7th Avenue, 11th Floor
New York, NY 10001

Web: www.cpj.org
Twitter: @pressfreedom
Facebook: @committeetoprotectjournalists